# پەیوەندییەکانی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (1975-1991)

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

**کێوان جبار عبدالله[١]، هۆشمند علی محمود[٢]**
بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی پەیوەندییەکانی جەلال تاڵەبانیە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تاڵەبانی یەکێکە لە کەسایەتیە دیارەکانی کورد، کە لە مێژووی هاوچەرخدا ڕۆڵێکی کارای هەبووە. هەر لە سەرەتای پێگەیشتنیەوە کەسایەتی دەرکەوتووە و لە قۆناغە سەرەتاکانی ژیانیدا نیشانەی ڕۆشنبیری و سەرکردایەتی تێدا بەدی کراوە، بە هۆکاری چالاکیە ڕۆشنبیری و سیاسیەکانی. لەدوای دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥دا، قۆناغێکی نوێی سیاسی لە ژیانیدا دەستپێدەکات، کە ئەویش خەباتە لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە باشوری کوردستان و لە هەمان کاتدا بانگەشەی یارمەتی و هاوکاری بۆ پارچەکانی تری کوردستان لەوانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارت و ڕێکخراوە سیاسیە کوردییەکانی ئەم پارچەیە، کە هەر لە سەرەتاوە پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لەگەڵیان بەستاوە و بە پێی توانا هاوکاری کردون، بەتایبەتی لە بواری ڕاهێنان و پێدانی چەک وتەقەمەنی و تەنانەت لە ڕووبەڕوبونەوەش بەرامبەر بە حکومەتی ئێرانی لە ساڵی 1982دا، لە هەمان کاتدا پەیوەندی هەبووە لەگەڵ حکومەتی ئێران و بەپێی توانا هەوڵیداوە ئەو پەیوەندییە بۆ بەرژەوەندی کورد لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکار بهێنێت، بە جۆرێک، کە نەکەوێتە ژێر کاریگەری حکومەتی ئێرانەوە، بەڵام دوا جار و بە ناچاری و بەتایبەتی لە ساڵی 1986 بەدواوە کەوتۆتە هاوپەیمانیەتیەوە لەگەڵیدا، کە ئەمەش قۆناغێکی دیارە لە مێژووی پەیوەندییەکانی تاڵەبانیدا تا ساڵی 1991. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەو ڕاستییەی کە تاڵەبانی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە لە هەمان کاتدا پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا هەبوە و هەوڵی داوە ئەو پەیوەندییە لە بەرژەوەندی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاربهێنێت.

**وشە سەرەکییەکان:** جەلال تاڵەبانی، پەیوەندییەکانی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حکومەتی ئێران، کۆماری ئیسلامی ئێران.

### ١. پێشەکی

جوگرافیای پەیوەندی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکانی جوڵانەوەی ئازادیخوازی کوردیدا، لایەنێکی دیار و گرینگی مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد پێکدێنێت. چەندێتی وچۆنییەتی ئەم پەیوەندییە کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەریان، لە ئاراستەی جوڵانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە چارەگی کۆتاییی سەدەی بیستەمدا. هاوکات خستنە ڕوی هۆشیاری سەرکردە سیاسییە کوردییەکانە لە چۆنییەتی خۆ گونجاندنیان لەگەڵ ئاراستەی ڕوداو و مامەڵە کردنیانە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی کە وڵاتانی هەرێمی گرتۆتەوە لەم قۆناغەدا (1975-1991).

پەیوەندییەکانی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١)، لایەنێکی گرینگە لە مێژووی تاڵەبانی و جوڵانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد، لەم قۆناغەدا هەوڵدراوە چۆنیەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەندێتی و چۆنییەتی هاوکارییەکانی نێوانیان بخەینە ڕو، لەگەڵ دیاریکردنی کەم و کوورییەکانی پەیوەندی نێوان هەردولا، بەلەبەر چاوگرتنی بارودۆخی ناوخۆیی و هەرێمی و کاریگەرییان لەسەر ئەم پەیوەندییانە .

**گرینگی توێژینەوەکە:**

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢ تشرینی دووەم ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٣ کانونی یەکەم ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٨ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: kaiwan.jabbar@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ کێوان جبار عبدالله، هۆشمند علی محمود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp103-111

گرینگی ئەم بابەتە لەوەدایە، کە تەرخان کراوە بۆ توێژینەوە دەربارەی پەیوەندییەکانی تاڵەبانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرخستنی لایەنە نادیارەکانی ئەم پەیوەندییە و هاوکات باسکردنی چەندین ڕووداوی گرینگ، کە گرینگترینیان بریتییە لە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی شا و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و کاریگەرییان بەسەر پەیوەندییەکانی هەردولا .

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بەم ناونیشانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاوەکو ئێستا بە وردی باس لە چۆنییەتی و شێوازی ئەو پەیوەندییە نەکراوە، جگە لەمە بە دواداچون بۆ خستنەڕوی هەوڵی لایەن و کەسایەتییەکان بۆ یەکخستنی هێز و توانای گەلی کورد لە ڕابردودا لە چوارچێوەی سود وەرگرتن لە وڵاتانی سەردەست و چۆنییەتی مامەڵەیان لەگەڵیاندا، هۆکارێکی تر بو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە .

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

خستنەڕوی پەیوەندییەکانی تاڵەبانییە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ حکومەتی ئێران، لەهەمان کاتدا دەرخستنی کاریگەریی ئەم پەیوەنییە لەسەر دۆزی کورد لەم بەشەی کوردستاندا .

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای ڕێبازی مێژوویی گێڕانەوە و شیکاری دارێژراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە زیاتر توێژینەوەکە شرۆڤە و لێکدانەوەی پەیوەندییەکانی تاڵەبانییە لەو قۆناغە مێژووییەی ژیانی سیاسیدا.

گرفتەکانی توێژینەوەکە:

لە ڕاستیدا کارکردن لەسەر ئەم بابەتە کارێکی ئاوا ئاسان نەبو، ئەو کێشانەی کە ئێمە لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ڕوبەڕومان بۆتەوە زۆری بیروباوەڕی جیاوازی کەسایەتییەکانی دەوروبەری تاڵەبانییە، کە هەریەکەیان بەشێوازێك باسی ئەو ماوەیەی کردووە، ئەمە سەرەڕای وەرگرتنی بیروڕای کەسانی دژبەر و پێچەوانە، کە ئەمەش پێویستی بە وردەکاری زۆر بوو، هاوکات لەگەڵ دەستکەوتنی بەشێك لە سەرچاوەکان .

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:**

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەدا چەندین سەرچاوەی بە پێزو گرینگ و پڕ بایەخ بەکارهاتون، کە هەریەکەیان لەڕوی زانستییەوە خاوەن بەهاو بایەخی گەورە بوون بۆ ئەم توێژینەوەیە، لە گرینگترینیان بریتییە لە بیرەوەرییەکانی (مام جەلال) (دیداری تەمەن)، کە لەلایەن سەڵاح ڕەشیدەوە ئامادەکراوە، هەروەها پەرتوکەکانی نەوشیروان مستەفا ئەمین (پەنجەکان یەکتری دەشکێنن)، (لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ)، هاوکات پەرتوکەکانی (د.هۆشمەند علی مەحمود) بەناونیشانی (ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٧٩-١٩٨٩)، (عەبدولڕەحمان قاسملوو، ژیان و ڕۆڵی سیاسیی لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورددا 1930-1989)، کە یەکێکبون لە سەرچاوە گرینگ و بە سوودەکان، هاوکات پەرتوکەکانی (چۆن چەپکێک و کام مێژوی کۆمەڵە، لەبری بیرەوەری) کە لەلایەن (مەلا بەختیار)ەوە نووسراوە، ئەمە سەرەڕای بەشێک لە یاداشتەکانی کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەو ماوە مێژووییە، سودی زۆریان بۆمان هەبووە .

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و چوار تەوەر و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێك هاتووە، کە لە تەوەری یەکەم ئاماژە کراوە بە جەلال تاڵەبانی و تێڕوانینی بۆ دۆزی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان. تەوەری دووەم: پەیوەندی تاڵەبانی لەگەڵ حکومەتی ئێران، تەوەری سێیەم پەیوەندی تاڵەبانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەوەری چوارەم دەرئەنجامی پەیوەندییەکانی تاڵەبانی لەگەڵ ئێران و پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس و شرۆڤەکراون، کە تیایدا بە وردی جەختکراوەتەوە لەسەر پەیوەندی کاریگەریی هەردولا لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد، کە بە شێوازێکی شیکاریی پوخت لە ڕوانگەی پێوەرە زانستییەکان کاری لەسەر کراوە.

## تەوەری یەکەم: جەلال تاڵەبانی و تێڕوانینی بۆ دۆزی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان

جەلال تاڵەبانی لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانەوە، هاوخەباتی و هاریکاری نێوان پارچەکانی کوردستان و ئەو بزوتنەوە مێژو کردە ڕزگاریخوازە ڕەوایەی خەڵکی کوردستانی بە مەرجی سەرکەوتنی بزوتنەوەکە و خۆیی و شۆڕشی نوێ دانابو (تاڵەبانی، ١٩٨٠: ٦٧) وەک لە بەیاننامەی سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیدا بە ڕونی ئاماژە بۆ خەباتی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا کراوە، تیایدا جەختکراوەتەوە لەسەر هاوخەباتی و پشتیوانی یەکێتی بۆ خەباتی گەلی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان دژی داگیرکەرانی کوردستان، لەپێناو بەدیهێنانی ڕزگاریی نەتەوەیی و بەدەست هێنانی مافی گەلی کورد لە بڕیاردان لەسەر ئایندەی خۆی، بەو جۆرەی کە دەیەوێت (الشرارة، ١٩٧٥: ٢).

تاڵەبانی لە پلانی ڕزگاریدا (الخطة رزگاری[1] ) ئاماژە بەوە دەکات کە شۆڕشی نوێی کورد لە باشوری کوردستان پابەندە بە هاوخەباتی لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان لە باکور و ڕۆژهەڵاتدا و خۆئامادەکردن بۆ هەر پێشهاتێکی جۆراو جۆر و نەخوازراو، بەو پێیەی کوردستان نیشتیمانێکی دابەش نەکراوە و یەکێتی هەڵسانەوەی جەماوەر و ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە پارچەکانی تری کوردستان، بە ئەرکی خۆی دەزانێت (موراد، ٢٠١٠: ٩؛ ئەحمد، ٢٠١١: ٢٣).

لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیشدا هاتووە کە خەبات دەکەن بۆ پێکهێنانی هاوکاری پتەو لەگەڵ پارچەکانی تری بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا، لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی چارەنوس دا (کوردستان، ١٩٧٦: ٩)، ئەمەش گەیەنەری ئەوەیە کە تاڵەبانی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتییەوە بیری بەلای پارچەکانی تری کوردستانیش دا بووە و لە چوارچێوەی یەک نەتەوەیی و کوردستانی گەورە بیری کردۆتەوە، بڕوای بە خەباتی پارچەکانی تری کوردستان هەبووە لەپێناو پرسی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا، مافی چارەنوسی بۆ هەریەک لە پارچەکانی تری کوردستان بەڕەوا بینیوە، بەتایبەتی بۆ هەردوو پارچەی کوردستان لە باکور و ڕۆژهەڵاتدا و ئەوەی تێبینی دەکەین تاڵەبانی لەو قۆناغەدا بەئاشکرا باسی لە ڕۆژئاوای کوردستان نەکردووە، ئەمەش ڕونە کە بەهۆی پەیوەندی پتەوی یەکێتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە لەگەڵ حکومەتی سوریا بووە.

تاڵەبانی پێیوابووە کە یەکێک لە بنەماکان و یاساکانی سەرکەوتنی شۆڕش، بریتییە لە هاوخەباتی لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتی هەر

پارچەیەک، بەئاشکرا ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بەجۆرێک کە لەم پەیوەندییەدا چەند لایەنێک ڕەچاو بکرێت، لەوانە: سەربەخۆیی سیاسی و وازهێنان لە بیروباوەڕی کوێخایەتی کردن بەسەر پارچەکانی تری کوردستان و دەستوەرنەدان لە بارودۆخی ناوخۆییان، بەڵکو لەبری ئەوە هەماهەنگی و هاوکاری پێشکەش بە یەکتری بکرێت لە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لە بابەتە نەتەوەییەکان و هەرێمایەتییەکان و دروستکردنی یەک هەڵوێستی لەسەر پرسە نەتەوەییەکان (کوردستان، ١٩٧٦: ٣٣؛ عەبدوڵا، ٢٠١١: ٢٣١) تاڵەبانی جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پێویستە هاوپەیمانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان هەبێت، نەک لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان، کە مەبەست لێی وڵاتانی ئێران و تورکیا و عێراق بووە زیاتر، چونکە پێیوابووە ئەستەمە بە پشت بەستن بە داگیرکەری پارچەیەکی کوردستان مافی کورد وەربگیرێت، هەروەها ئەوە ڕون دەکاتەوە کە کارەساتی شکستی ساڵی ١٩٧٥ نمونەیەکی بەرچاوی هەڵەی ستراتیژی پشت بەستنە بە وڵاتانی داگیرکەر (ئەحمەد، ٢٠١٢: ١٥) کە مەبەستی وڵاتی ئێرانە. ئەگەرچی تاڵەبانی لەسەرەتادا زۆر هەوڵیداوە پراکتیکی ئەم جۆرە سیاسەتە بکات، بەڵام دواتر ئاڵوگۆڕی سیاسی وڵاتانی هەرێمی ناچاریکرد کە بەپێی گۆڕانکارییەکان هەڵوێستی بەرامبەر وڵاتانی هەرێمی بەتایبەت عێراق و ئێران بگۆڕێت، وەک لە دواتردا بەڕونی ئەم گۆڕانکارییە دەبینرێت و باسی لێوە دەکەین.

جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە دیدی تاڵەبانیدا لەهەر بەشێک لە پارچەکانی کوردستان پێکەوە گرێدراوە و سەرکەوتن یا شکست لە هەر پارچەیەک، کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر پارچەکانی تری کوردستان دەبێت (ڕێبازی نوێ، ١٩٧٦: ٤)، بەو پێیەی گەشەکردن و پەرەسەندنی جوڵانەوەی کوردی پارچەیەکی تری کوردستان، نەک نابێتە هۆی لاوازی جوڵانەوەی باشوری کوردستان، بەڵکو دەبێتە پشتیوانی و هاوکات بە جیهانیکردنی دۆزی کورد و سەرنجی جیهانی بۆ ڕادەکێشێت و دۆستی زیاتری بۆ پەیدادەکات (کوردستان، ١٩٨٣: ٤٧).

بۆ دروستکردنی ئەم پەیوەندییە و هاوکات ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی هاوپەیمانێتی نێوان وڵاتانی داگیرکەری کوردستان (تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا)، بە کردارەکی کەوتە هەوڵی دروستکردنی ئەم پەیوەندییە، بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتییەوە تاڕادەیەک توانی بنەمایەك بۆ پەیوەندییەکانی دابنێت، لە داهاتوشدا پێیوابووە بایەخی خەباتی مێژوویی پارچەکانی تری کوردستان ئەوەیە، جگە لەوەی خەباتێکی نەتەوەییە، هاوکات یەکخستنی خەباتی گەلانی ڕۆژهەڵاتە دژی داگیرکەر (کوردستان، ١٩٧٦: ٣٦).

لە دەستپێکی خەباتیدا چەندجارێک دەستپێشخەری و هەوڵیداوە بۆ بەستنی کۆبونەوە لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی پارچەکانی تری کوردستان، هەروەک لە ساڵی ١٩٧٦دا پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشداری کۆبونەوەیەکیان کرد لە شاری دیمەشق لە سوریا. لەم کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا بە دروستکردنی کۆمیتەیەکی هەماهەنگی بۆ هاوکاریکردنی یەکتری (شێخ مووس، ٢٠١٢: ١٥٢)، بۆجاری دووەم لە (٢/ ١٢/ ١٩٧٧ )دا لە ماڵی عادل موراد لە ناوچەی (ڕوشە) ی شاری بەیروت دووەم کۆبونەوە کرا، بە بەشداربونی لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، نوێنەرانی یەکێتی بریتی بون لە (د. فواد معصوم، عومەر دەبابە، عادل موراد)، (ئەمیری قازی[2] ) نوێنەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی پێشکەوتنخوازی چەپی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، (عەدنان موفتی) نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، (عومەر چەتین) نوێنەری ڕێکخراوی(D.D.K.D) ، حیزبی سۆسیالیستی باکوری کوردستان، (حەمید دەرویش ) نوێنەری پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا، لەم کۆبونەوەیە بڕیاردرا بە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەک بۆ کۆبونەوەی داهاتو لە مانگی چواری ساڵی ١٩٧٨ لە باشوری کوردستان ببەسترێت، بەڵام ئەنجام نەدرا (قازی، ٢٠١٤: ١٩١؛ حیسامی، ١٩٩٧: ٢٨٣-٢٨٥)، کە ئەمەش دەرئەنجامێکی سەرەتایی هەوڵ و کۆششەکانی تاڵەبانی بووە بۆ لێک نزیککردنەوەی پارتە سیاسییەکانی کوردستان.

لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیدا لە نەورۆزی ساڵی ١٩٨٠دا تاڵەبانی باس لە هەماهەنگی و هاوکاری یەکێتی دەکات بۆ پارچەکانی تری کوردستان و دەڵێت: " یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یەکەمین هێزی پێشکەوتنخوازی کوردستانە، کە هاوخەباتی خۆی لەگەڵ هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان و پێشکەوتن خوازەکانی کوردستان ئیعلان و جێبەجێکردووە، بێ ئەوەی سڵەمیبێتەوە لەو مەترسییەی دەیهێنێتە سەرخۆی، یان باکی ئەوەی بوبێت کە لە دەستی دەدات" (تاڵەبانی، ١٩٨٠: ٦٧).

تاڵەبانی دوای ناکۆکی و شەڕی نێوان پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان، هەوڵیدا کە بەرەیەک پێکبهێنێت بۆ ئەوەی سەرجەم پارتە سیاسییەکانی باشوری تێدا کۆببێتەوە، بۆ یە لەساڵی ١٩٨٨ بە هاوکاری لەگەڵ بارزانی (بەرەی کوردستانی ) پێکدەهێنن بۆ گەیاندنی مافەکانی نەتەوەی کورد بە دونیا و دەرئەنجامەکەی لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا بە ڕونی دەبینرێت (ابوبکر، ٢٠١٧: ٣٠-٤٠).

هاوکات و هەر لەم تێڕوانینەی تاڵەبانیەوە باکوری کوردستانیشی لەبیر نەکردبو، وەک بەشێکی گرینگی کوردستان و گەورەترین پارچەی، کە ئەو پێیوابووە ئەوێ دەرچەی ئازادبونی هەمو کوردستانە، بۆیە لەسەرەتای دروست بوونی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا لە ساڵی ١٩٩١ هەوڵیداوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی باکور لەگەڵ تورکیا لە ڕێگەی ئاشتیانەوە بە لەیەک نزیککردنەوەی ئۆجەلان و تورکت ئۆزال(١٩٢٧-١٩٩٣)، (ڕەشید، ٢٠١٩: ١٩٩-٢٠٣؛ چاندار، ٢٠١٥: ١١٨-١٣٥).

## تەوەری دووەم: پەیوەندی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران

لە دوای (ڕێککەوتننامەی جەزائیر ) لە ساڵی ١٩٧٥دا لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق وئێران مۆر کرا، بەندی سێیەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە تایبەت بوو بە هەوڵدانی هەردو وڵات بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوری نێوانیان، کە مەبەست لێی بڕینی یارمەتی و داخستنی سنوری ئێران بو لە جوڵانەوەی کورد لە باشوری کوردستان (عیسی، ٢٠٠٥: ٣٧٣-٣٧٦).

تاڵەبانی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتییەوە دژایەتی خۆی بۆ حکومەتی ئێران نەشاردەوە، لە بەیانی یەکەمیدا هێرشی کردە سەر ئێران و بە دوژمنی کورد و گەلانی ناوچەکەی ناوزەندکرد، دەوڵەتی ئێرانی بە تەواوکەر و ئەندامی ئەو پیلانە هەرێمایەتیە دەزانی، کە بۆ لەناوبردنی جوڵانەوەی کورد لە باشوری کوردستان دانرابو، جگە لەمە بانگەشەی تاڵەبانی بۆ هاوخەباتی لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان و گەلانی ناوچەکە و تۆڵە کردنەوە لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لە نێوان دابەشکراوە، کە بوە هۆی نیگەرانی دەوڵەتی ئێران (الشرارة، ١٩٧٨: ٢). ئەمەش نیشانەی نیگەرانی دەوڵەتی ئێران دەگەیەنێت بەرامبەر بە پلانی تاڵەبانی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵات، وەك لە دواتردا باسی لێوەدەکەین.

لە ساڵانی (١٩٧٧-١٩٧٨) بەدواوە ئێران ڕاشکاوانە سیاسەتی خۆی دیاریکرد، کە بە هیچ جۆرێک ڕازی نابێت ئەو بۆشاییەی لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی شۆڕشی چەکداری لە باشوری کوردستان دروست بووە، بە پارتێکی چەپ پڕبکرێتەوە کە

مەترسی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت، لەلایەکی تریشەوە تاڵەبانی بەبێ ڕازامەندی ئێران شۆڕشی هەڵگیرساندبۆوە، جگە لەمەش ئێران زۆر بە وردی چاودێری جموجۆڵەکانی باشوری دەکرد (قادر، ٢٠١٧: ٤١-٤٢)، هەموو ئەمانەش بەربەستی گەورەبون لەبەردەم یەکێتی وەك هێزێکی نوێ بەڕابەرایەتی تاڵەبانی، کە زیاتر پەیوەندی نەیارانەی دەنواند بەرامبەر بە پارتەکەی تاڵەبانی.

سیاسەتی نەیارانەی ئێران ڕونتر بەدیار کەوت بە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنامەی جەزائیر و ڕادەست کردنی ئەندامان و ڕێکخستنە نهێنیەکانی یەکێتی بۆ عێراق، کە لە دیارترینیان بریتی بون لە (شەهاب شێخ نوری، فەرەیدون عبدول قادر، جەعفەر عبدول واحید، عومەر سەید عەلی، ئاوات عەبدول غەفور، عەلی بچکۆل، ئەرسەلان بایز) کە لە دواتردا بەشێکیان لە سێدارە دران و بەشێکیان حوکم دران (قادر، ٢٠١٧: ٤٤-٤٦). هەماهەنگی سوپایی و هەواڵگری ئێران بۆ سوپای عێراق دەرئەنجامێکی تری ئەم شۆڕشە بو کە تاڵەبانی ڕایگەیاند، ئێران زۆر بە وردی لە ڕێگەی دەزگای ساواکەوە چاودێری هێزەکانی یەکێتی دەکرد، زۆرجار سیخوری دەنارده ناویان هەواڵ و زانیاریان دەگەیاندە ئێران و لە لایەکیترەوە بە فڕۆکە و تانک و تۆپ لە هێزی پێشمەرگەی دەدا (ئەمین، ٢٠١١: ١٨٩).

لە قۆناغی دوای ڕوخانی دەسەڵاتی شا، کە بووە لاپەرەیەکی گەشی خەباتی گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لەو وڵاتەداو پێشینەیەکی لەباریان دروستکرد بۆ توندبونی نارەزاییەکان، شۆڕشی گەلانی ئێران  بووە جێگای ئومێدی تاڵەبانی و بزوتنەوەی شۆڕشگێری کورد لە ناوچەکەدا، بەجۆرێك کە دوای ڕوخانی شاو گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی (1902-1989) بۆ ئێران لە شوباتی 1979و کارکردنیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، تاڵەبانی لە لێدوان و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکانی لەگەڵ ڕۆژنامە ئێرانییەکانی وەك: ئیتلاعات و کەیهان، ئەوەی نەشاردۆتەوەو بەئاشکرا پشتیوانی خۆی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و ئیمام خومەینی خواستووە (اطلاعات، 1357/11/30) ، کە پێیوابووە خاڵی وەرچەرخانە بۆ شۆڕشی کورد لە باشوری کوردستان، بە تایبەت تاڵەبانی وەک یەکێتی لە هەمو لایەنەکان زیاتر سودی لەم بارودۆخە نوێیە بینی، چونکە پەیوەندییەکی فرە ڕەنگ و پتەوی  لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو (بانیخێڵانی، ٢٠١٤: ٣٢٨)، چونکە یەکێتی لەدوای دروست بونیەوە گەمارۆیەکی گەورەی کەوتبووەسەر،  ڕژێمی شا ئەندامێکی سەرەکی و کارای ئەو هاوپەیمانییە هەرێمایەتی و ناوچەییە بو کە لەنێوان حکومەتی (عێراق، ئێران، تورکیا) دا بەسترا بو، گەمارۆیەکی گەورەی خستبووە سەر جوڵانەوەی سیاسی لە باشوری کوردستان و بەتایبەت یەکێتی بە ڕێبەرایەتی تاڵەبانی، کە لەم ڕووەوە هاوکارییەکی زۆری حکومەتی عێراقی دەکرد دژی تاڵەبانی (ئەحمەد، ٢٠١٠: ١٦٩).

بۆیە دەبینین تاڵەبانی لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران خۆشحاڵی و سەرکەوتنی بۆ خواستووە، وەك لە ڕۆژنامەی (اطلاعات)دا تیلیگرامێکی کە بۆ خومەینی ناردووە بەوجۆرە بڵاوکراوەتەوە: "تێلێگرام لە جەلال تاڵەبانییەوە بۆ ئیمام خومەینی: جەلال تاڵەبانی لە تەلەگرامێکدا بۆ ئیمام خومەینی، ئامادەیی کوردانی عێراقی بۆ شەڕی هاوبەش و هاوکاری تا سەرکەوتنی کۆتایی شۆڕش دەربڕی ...، جەلال تاڵەبانی کە لە بۆکانەوە تەلەگرامەکەی بە نازناوی ئەمینداری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی عێراق بە زمانی فارسی ناردووە، ناوبراو وێڕای پیرۆزبایی بەبۆنەی سەرکەوتنی شۆڕش، ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و شۆڕشی فەلەستین و خەبات بۆ مافەکانی کوردی عێراق بەتایبەتی" (اطلاعات، 1357/11/30). هەروەها لە ڕۆژنامەی (کیهان)دا هاتووە: "کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی ئەو دەنگۆ و هەواڵانەی لە کەناڵ و ڕاگەیاندنەکانی ئێرانەوە سەبارەت بە دەستێوەردانەکانی پێشمەرگەکانی یەکێتی و تاڵەبانی لە کاروبارەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەتەواوی ڕەتکردۆتەوە و پشتیوانی یەکێتی بۆ سەرخستنی شۆڕشی ئێران بە ڕابەرایەتی ئیمام خومەینی دوپات دەکاتەوە" (کیهان، 1357/12/4).

دوای ئەوەی کە ناکۆکی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە گەڵ حکومەتی نوێی ئێران گەیشتە بنبەست، پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران زیاتر ئاڵۆز بو، تاڵەبانیش توانی  سود لەم ناکۆکیە ببینێت بۆ بەرژەوەندییەکانی پارتەکەیی و بەتایبەت کە لەم کاتەدا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا هەبو (قادر، ٢٠١٧: ٥٧). ئیدی لێرە بەدوا ئێران بووە کەناڵێکی گرینگ بۆ پەیوەندیەکانی تاڵەبانی لە دەرەوە و ناوەخۆدا و بەتایبەت بۆ پەیوەندیکردن بە هەردو وڵاتی لیبیا و سوریا و وەرگرتنی هاوکاری سەربازی لێیان، کە ئەویش بە هۆکاری ئەوەی هەردو وڵات پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ ئێراندا هەبو، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیشبێت بوە دەروازەیەکی گرینگ بۆ پەیوەندییەکانی تاڵەبانی  (چاوڕەش، ٢٠١٤: ١٦١).

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تاڵەبانی بەپێی گۆڕانکارییەکان لە ئێران سیاسەتی خۆی گۆڕیوە، بە جۆرێک کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کورد بەگشتی و سیاسەتی خۆیی و پارتەکەی بەتایبەتی بگونجێت.

## تەوەری سێیەم: پەیوەندی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هەروەک لە پێشودا ئاماژەمان پێدا یەکێتی هەر لە سەرەتای دروستبونییەوە گرینگی و بایەخی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەستپێکردوە، بۆیە هەر زو تاڵەبانی توانی لە دڵی خەڵکی ڕۆژهەڵات جێگەی خۆی بکاتەوە و هاوسۆزیان تا ڕادەیەکی بەرچاو بە دەست بهێنێت. کاتێک یەکێتی لە دەرەوەی وڵات دامەزرا، کوردانی ڕۆژهەڵات لە تاراوگە بە دەنگی بەیانی دامەزراندنی یەکێتیەوە چون بۆ یارمەتیدانی، لەوانە حەسەنی قازی بە وەرگێڕانی بڵاوکراوەکانی یەکێتی بۆ زمانی فارسی و چاپ کردنی لە پەرتوکێکدا بەناوی (ئینتیشاراتی شەریفزادە)، کە ئەم کارە بایەخی تایبەتی بۆ ناساندنی یەکێتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبو (ئەمین،١٩٩٧: ٧١ ؛ ئەحمەد، ٢٠١٠: ١٣٠).

هەروەک عومەر شێخ موس باس لەوە دەکات کە یەکێتی ناوبانگێکی باشی هەبو لە ڕۆژهەڵاتدا و خۆشەویست بو لەلایەن گروپە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە یارمەتی و هاوکاری زۆری پێشکەش دەکرا .(sheikhmous, 2009: 7) (عەبدوڵای حەسەن زادە ) ئەمە دوپات دەکاتەوەو دەڵێت: "لەبیرمە وەختێکی ئێمە لە غەریبایەتی گەڕاینەوە وڵات، ئەمن لە مهابات دانرابوم. داوای هاوکاریم لە هەرکەس دەکرد، دەیانگوت پەیوەندیت لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی چۆنە...، لە واقیعدا پێیان دەگوتین کەسێک یان حزبێک کە موخالیفی یەکێتی بێت ئێمە قبوڵی ناکەین" (کاردۆ، ٢٠١١: ٣٨٢). لەڕاستیدا ئەم هەستەی خەڵکی مەهاباد و شارەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی و باوەڕیان بە یەکێتی هەر لەخۆڕانەبو، بەڵکو بۆ بەرنامەی سیاسیی و ستراتیجییەتی نەتەوایەتی ئەو حیزبە و ڕوانینی بو بۆ پارچەکانی کوردستان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکێتی هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ وە زۆرترین کارەکانی خۆی تەرخان کردبو بۆ ڕۆژهەڵات و نەوشیروان مستەفا و عومەر شێخ موس کرابونە بەرپرسی پەیوەندییەکان لە گەڵ ڕۆژهەڵات (ئەحمەد، ٢٠١٠: ١٤٣). مستەفا چاوڕەش کە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp103-111

لەو کاتەدا جێگری ئامر هەرێمی شاربازێر بووە، ئاماژە بەوە دەکات کە تاڵەبانی لە نامەیەکدا پێی وتوە "لەهەر کات و ساتێکدا کوردەکانی ئێران پێویستیان پێتان هەبو، خۆتان بە پێشمەرگەی ئەوان بزانن و لە خزمەتیاندابن". لە بواری چەکدارییەوە هاوکاری پێشکەش بە دۆست ولایەنگرانی خۆی بەتایبەت هێزە چەپەکان و ڕێکخراوە کوردییەکان ناردبو وەک چەکی سوک و دەمانچە... (چاوەش، ٢٠١٤: ١٥٧) لەگەڵ کردنەوەی خولی بەکارهێنانی چەک و شەڕی پارتیزانی و تەنانەت چۆنییەتی بەکارهێنانی تەقەمەنیش (ئەحمەد، ٢٠١٠: ١٦٩). جگە لەمانە لە ڕوی سەربازیشەوە بەشداربو لە هێرش کردنە سەر ڕژێمی شا، هەرچەند دەیویست کە ئەم چالاکییانە بە نهێنی بمێنێتەوە، بەڵام ئەمە دەگەیشتەوە دەسەڵاتدارانی ئێران و لە ڕۆژنامەکان باس دەکرا (هەژاری، ب. س: ١٧ ). بۆنمونە لە ژمارە ١٥٧٦٣ی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ساڵی 1979دا هاتووە کە (٦٠) کەس لە لایەنگرانی تاڵەبانی دوو کیلۆمەتر هاتونەتە ناو سنوری ئێران و هێرشیان کردۆتە سەر پاسگای (قورەیش) لە سەردەشت، ئەگەرچی بۆیان نەگیراوە، بەڵام گەماڕۆیان داوە . ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تاڵەبانی بە تەواوی توانایەوە لە پشت هێز و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دا بووە بە کردەوە، نەک تەنها هەر وەک دروشم.

لە ساڵی ١٩٧٩دا و دوای ڕوخانی ڕژێمی شا لە ئێران، پێشمەرگە و کادیری سیاسی یەکێتی بە شێوەیەکی ئاشکرا دەچونە ناو شارەکانی ئێران و لە کۆبونەوە جەماوەرییەکان بەشداریان دەکرد، تاڵەبانی لە گەشتێکی بەناو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، لە شارەکانی سەردەشت و بانە پێشوازیەکی جەماوەری گەورەی لێکرابو، چەندین دروشمی جۆراوجۆر بۆ پشتیوانی وترابونەوە وەک (یەکێتی نیشتیمانی... پشتیوانی گەلانی)، کە سەلمێنەری پێگەی جەماوەری بو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (سەعیدی، ٢٠١٢: ٦٠٩). ئەمەش بە هۆکاری ئەو دژایەتییەی کە لەنێوان تاڵەبانی و ڕژێمی شادا هەبو، لەلایەکی دیکەوە لایەنە چەپەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆڵێکی باشیان گێڕا لە ناساندنی یەکێتی، وەک تەشکیلاتی کۆمەڵە و چریکی فیدایی و سازمانی شۆڕشگێری حزبی تودە، کە ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ پەیوەندییە کەسییەکانی تاڵەبانی بەتایبەت لەگەڵ حزبی توودە وەک (کۆرشی لاشایی ، ئیرەج کەشکوڵی، عەتا کەشکوڵی، خەسرەوی سەفایی، عەلی سادقی، محسین خاتەمی، سیامەک پرسا نەژاد) (قادر، ٢٠١٧: ٧-٧٤). ئەوە جگە لەوەی هەڵوێست و سیاسەتەکانی (پارتی) و (قیادە مؤقەتە) لە دەیەی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردو بەرامبەر بە تێکۆشەرانی هێزەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی لە ڕادەستکردنەوەی سەرکردەکانی (حدکا) لە نمونەی وەك (سمایلی شەریفزادە) و (مەلا ئاوارە) بە ڕژێمی شای ئێران ، ڕق و تورەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەرامبەر بەو پارتە پتەوکردبو، هاوکات دوای دامەزراندنی یەکێتی لایەنگیریی و خۆشەویستیان بۆ یەکێتی دەردەبڕی.

بۆیە دەبینین کە تاڵەبانی و پارتەکەی بەشێوەی جیاو بەپێی کات و قۆناغە مێژووییەکان، لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پەیوەندی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخستبو.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی تاڵەبانی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی دەگەڕێتەوە، کاتێک کە تاڵەبانی لە ڕێگەی نامەوە پرس و ڕاوێژ بە (عەبدولڕەحمان قاسملو ) دەکات سەبارت بە دامەزراندنی یەکێتی، کە لە وەڵامدا قاسملو هاندەر بووە بۆ ئەم کارەی (تاڵەبانی، ١٩٩٦: ٦)، ئەمەش نیشانەی هەوڵدانی تاڵەبانییە بۆ وەرگرتنی زۆرترین بیروڕا بەتایبەت لە سیاسییە بەتواناکانی کورد، دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵات و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

هەر لەم بارەیەشەوە تاڵەبانی لە وتووێژێکدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیەوە پەیوەندی لەگەڵ (حدکا) باش بووە، لە دژی ئێران هاوکاری کردوە کە داوای پشتیوانیان لێکردوە، بۆیە پەیوەندی تاڵەبانی لەگەڵ (حدکا) ئەگەر بیرو بۆچونی جیاوازیش لە نێوانیاندا هەبوبێت، ئەوا هیچ کاتێک توشی گرفتی گەورە نەبونە، هەرچەند سەرەتا پەیوەندییەکانیان لەگەڵیان کەمێک گرژی تێدەکەوێت، ئەویش بە هۆی دەست وەردانی یەکێتی لە کاروباری (حدکا) ، دواتر لە ساڵی ١٩٧٩ ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی و گرفتەکانیان چارەسەر دەبێت و هەر لەم ساڵەدا لە (شەڕی سێ مانگە)ی نێوان (حدکا) و ئێران، تاڵەبانی زۆر ڕون بەرگری و لایەنگری حدکا دەکات (مەحمود، ٢٠١٢: ٣٥٦-٣٥٧).

پەیوەندیی جەلال تاڵەبانی و یەکێتی لەگەڵ خودی قاسملو و حدکا زیاتر بەرەو پێش چو، بەتایبەتی کاتێک تاڵەبانی پشتیوانیی خۆی بۆ قاسملو دەربڕیوەو بەرگری لێ کردوە، هەروەک نەوشێروان مستەفا ئەمین نوسیویێتی: "یەکێتی لەشەڕی سێ مانگەدا ئامادەیی ناوبژیوانیی خۆی لەنێوان حدکا و ئێران نیشان داوەو کاتێک ئێران حدکاو قاسملویان بە هەڵگیرساندنی شەڕ تاوانبار کردوە، مام جەلال زۆر باش لایەنگری و بەرگریی لە حدکا و قاسملو کردوە" (ئەمین، ١٩٩٧: 127-128).

لە ساڵی ١٩٨٢ تاڵەبانی هێزێکی ١٥٠٠ کەسیی نارد بەناوی هێزی پشتیوانی بەسەرپەرشتی هەریەکە لە (سەید کەریم و مولازم عومەر) بۆ هاوکاریکردنی حدکا دژی ئێران (مەحمود، ٢٠٠٧: ١٥٤-١٥٥؛ مەحمود، ٢٠١٢: ٣٥٧-٣٥٨). ئەو هاوکارییانەی یەکێتی بۆ حدکا لەنێوان ساڵانی 1982-1983 بەهۆی پەیوەندی بەهێزی نێوانیانەوە بو .( Kamali, 2003: 191) سەبارەت بە هاوکاری بۆ حدکا تاڵەبانی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:" لەگەڵ ئەواندا هیچ درێخییەکمان نەکرد (مەبەستی حدکا یە تویژەر)، ئەو هاوکارییە بووە بەردی بناغە بۆ دۆستایەتییەک، لەگەڵ گروپە ئێرانیەکانی تریشدا" (ڕەشید، ٢٠١٩، ١٤٢). حکومەتی ئێران بەرامبەر بەو هەڵوێستەی تاڵەبانی و هاوکاری بۆ حدکا واکرد کە بارەگاکانی یەکێتی لە ئێران دابخات و نزیکەی (٣٠) کادیری دەستگیر کردن و خستنیە زیندانەوە، بەمەش تا ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی لەگەڵ ئێران نەما (مەحمود، ٢٠١٢: ٣٥٩.(

لە گفتوگۆی ئاشتی نێوان تاڵەبانی و حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤، قاسملو نێوەندگیربووە و هەوڵیداوە بۆ سەرگرتنی ئەم گفتوگۆیە( Kamali, 2003: 191) ، کە لەم کاتەدا نەک تەنها حدکا بەڵکو سەرجەم هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک: کۆمەڵە و دەفتەری شێخ عیزەددین و سازمانی خەبات، بەگەرمی و بە ئاشکرا پشتیوانیان دەربڕیوە و ئەم گفتوگۆیەیان پەسندکردوە (مەحمود، ٢٠١٢: ٣٦٠). ئەمەش دەرخەری پەیوەندی بەهێزی تاڵەبانییە لەگەڵ حدکا، هەر چەند وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد هەندێک جار ناکۆکی هەبووە لە نێوانیاندا.

لە ساڵی ١٩٨٨ لەسەر داوای ئێران تاڵەبانی هەڵدەستێت بە کردنەوەی کەناڵێکی پەیوەندی لەنێوان قاسملو و کۆماری ئیسلامی ئێران، هەرچەند کە دەرئەنجامی نابێت (مەحمود، ٢٠١٢: ٣٦٤-٣٦٥). تاڵەبانی ئەو هەوڵەی ئاماژەی پەرۆشی بووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگەی ئاشتیانە لەنێوان حدکا و کۆماری ئیسلامی ئێران دا.

سەبارەت بە پەیوەندی تاڵەبانی لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە)، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بەر لە دامەزراندنی یەکێتی و پەیوەندی تایبەتی تاڵەبانی لەگەڵ (سەلاحی موهتەدی ) برای (عەبدوڵای موهتەدی )کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، لە هەمان کاتدا بە هۆکاری لێکنزیک بونیان لە ڕوی فکر و ئایدۆلۆژیاوە بە تایبەت دوای دامەزراندنی یەکێتی و بونی باڵێکی مارکسی لەناو

یەکێتیدا، پەیوەندییەکانیان بەردەوام بووە لەسەر ئاستی حزب (قادر، ٢٠١٧: ١١٥-١١٧) .

ئەم پەیوەندییە تا ئاستیکی زۆر باش پەرەی سەندووە، بەتایبەت لە ڕوی هاوکارییە ماددییەکانی کۆمەڵە بۆ یەکێتی کە لەم کاتەدا بارودۆخی ئەم پارتە لە باشیدا نەبو، سەبارەت بە هاوکارییەکانی کۆمەڵە عومەر شێخ موس دەڵێت: "چەند باسی بکەم هێشتا هەر کەمە!" (ئەحمەد، ٢٠١٠: ١٤٥). پەیوەندییەکان بە جۆرێک بون زۆر لایەن لەوکاتەدا کۆمەڵەیان بە دروستکراوی یەکێتی دەزانی، بەڵام لە ڕاستیدا کۆمەڵەی ڕۆژهەڵات ساڵێک بەر لە کۆمەڵەی باشور و شەش ساڵ پێش دامەزراندنی یەکێتی دامەزراوە (قادر، ٢٠١٧: ٢٠٦).

لە درێژەی ئەو پەیوەندیەدا کۆمەڵە دو نوێنەر دەنێرنە سەرکردایەتی یەکێتی لە چیای قەندیل بەناوەکانی (ساعد وەتەن دۆست، د.جەعفەر شەفیعی)، ئەویش بۆ دو مەبەست کە گەیاندنی کۆمەک و هاوکاریەکانیان بو بۆ یەکێتی و ڕاهێنان و وەرگرتنی زانیاری بو چەند مانگێک دەمێننەوە و لەلایەن خودی تاڵەبانییەوە ڕاهێنانیان پێدەکرێت (مەحمود، ٢٠١٢: ٣٦١-٣٦٢)، هەموو ئەوانەش بەهۆی پەیوەندی پتەوی نێوانیان بووە، بەڵام لە کۆتایي ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٩ ئەم پەیوەندییە کەوتە قۆناغێکی ترەوە، ئەویش بە هۆکاری یەکگرتنی کۆمەڵە لەگەڵ گروپی سەهەند و پێکهێنانی حزبی کۆمەنیستی ئێران و لە لایەکی ترەوە نزیکبونەوەی زیاتری لە (حدکا)، بۆیە بەڕادەی ساڵانی پێشوتر پەیوەندیەکانیان بە پتەوی نەمایەوە (مەحمود، ٢٠١٢: ٣٦٣).

هەر لەم قۆناغەدا هەوڵیداوە کە ناکۆکی و شەڕ لە نێوان پارتەکانی ڕۆژهەڵات چارەسەر بکات، وەک شەڕی نێوان (حدکا) و (کۆمەڵە)، بەهۆی جیاوازی بیروبۆچونی سیاسییەوە بەرپایانکردبو، کە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩وە پەیوەندیان تەواو نەبووەو چەندجارێکیش شەڕ لە نێوانیاندا ڕویداوە، بۆنمونە لە ساڵانی ١٩٨٥-١٩٩٠، کە تاڵەبانی کاریکردوە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان بەشێوازی گفتوگۆ و دورخستنەوەیان لە شەڕی نێوانیان .

لەڕاستیدا وێڕای ئەوەی کە (حدکا) و کۆمەڵەی ئێران هاوکاری دارایي سنوردار دەکران لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەڵام هیچ کات لەدژی کوردی عێراق نەجەنگان (Kamali, 2003: 191 )، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشێکی ئەو هاوکارییە داراییانەیان بەنهێنی بە یەکێتی دەدا بەهۆی پەیوەندی پتەوی تاڵەبانی لەگەڵیاندا.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەفتەری شێخ عزەدینی حوسێنی، کە یەکێک لە کەسایەتییە ئایینیە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بو، دوای ئاوارە بونی ئەم کەسایەتیە بۆ سەرسنوری باشور بەهۆی هێرش و پەلامارەکانی ئێرانەوە، تاڵەبانی دەیگرێتە خۆی و پێشنیازی دامەزراندنی حزبێکی بۆ دەکات بەهۆی پێگە ئایینیەکەیەوە، بۆ ئەوەی ببێتە کەسایەتییەکی ئایینی و سیاسی بە هێز بەرامبەر دەسەڵاتداری ئایینی شیعی لە ئێران، لەم بارەیەوە شێخ عزەدین خۆی دەڵێت:" خۆ ئێمە هیچمان نەبو مام جەلال خێوەت و شتی پێداین، ئێمە نە نانمان بو نە ئاومان بوو" (کەریمی، ١٩٩٩: ٣٣٤-٣٣٥). دەکرێت بوترێت کە ئەم وتەیەی شێخ عزەدین دانپێدانانیکی ئاشکرایە بۆ ئەو پەیوەندی وهاوکاریانەی تاڵەبانی لەگەڵیاندا.

هەروەها تاڵەبانی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ (سازمانی خەباتی نەتەوەیي و ئیسلامی کوردستانی ئێران) هەبو، کە پارتیکی ئیسلامی نەتەوەیي بو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن شێخ جەلالی برای شێخ عزەدینی حوسێنیەوە دامەزرابو (مەحمود، ٢٠١٢: ٢٦٦)، بە شێوەیەکی گشتی ئەم پەیوەندیە بە باشی مایەوە و چەند جارێکیش هاوکاری و یارمەتی یەکتریان کردوە، جێگای سەرنجە کە سازمانی خەبات لە لایەن حکومەتی عێراقەوە هاوکاری دارایي دەکرا و چەکی پێدەدرا، هەندێکجار بەشێک لە چەکەکانی بەنهێنی دەدا بە یەکێتی (قارەمانی، ٢٠٠٩: ١٦٤)، ئەوەش بەهۆی پەیوەندی بەهێزی نێوانیانەوە بووە.

لەکۆی پەیوەندیەکانیدا  تاڵەبانی لەگەڵ پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت تا ڕادەیەکی بەرچاو پەیوەندییەکی بەهێزی هەبووە و لە هەوڵ و هاوکاری بۆیان لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەبێت ئەوەش بزانین کە ئەم پەیوەندیانە بێ کەم وکوڕی نەبووە و زۆرجار بووەتە هۆی نیگەرانی خەڵک و پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی بەهۆی نزیکبونەوە و ڕێکەوتنی تاڵەبانی و ئێران لە ساڵی 1986دا، وەك لەتەوەری چوارەمدا ئاماژەی پێدەدەین.

## تەوەری چوارەم: دەرئەنجامی پەیوەندییەکانی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ ئێران و پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە درێژەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ئێران و لە هەمان کاتدا لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە چەند جۆرو شێوازێکی جیاواز سیاسەتی کردوە، چونکە لە یەك کاتدا پەیوەندی هەم لە گەڵ پارتە کوردییەکان و حکومەتی ئێرانیشدا هەبو، کە ئەمەش زۆر قورس بو بۆی، چونکە لە لایەکدا بەشێکی نەتەوەکەی خۆی بو لەلایەکیتر حکومەتی ئێران پردی پەیوەندی بو بۆ دەرەوەیي و هاوکارییەکانی لەلایەن وڵاتانی وەک سوریا و لیبیا. بەمەش نەیتوانی ئەو هاوسەنگییەی کە ڕای گرتبو لەگەڵ ئێران لەسەری بەردەوام بێت، ئەویش بە هۆکاری یارمەتیدانی پارتە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ڕەشید، ٢٠١٩: ١٣٧-١٤٢) .

هەروەک لە داواکاری قاسملو بۆ یارمەتیدانیان دژی حکومەتی ئێران لە ساڵی ١٩٨٢دا، تاڵەبانی ئەوە دوپات دەکاتەوە کە لەسەر بڕیاری پێشوی بەردەوامە و ئامادەیە ئەوەندەی لە توانایدابێت یارمەتیان بدات، تەنانەت ئەگەر لەو پێناوەشدا شۆڕشی باشوری کوردستان ببێتە قوربانی، خۆی سەرپەرشتی ئەو هێزە دەکات، کە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەنێرێت بۆ هاوکاری (حدکا)، کە ژمارەیان نزیکەی (١٥٠٠) کەس بووە (ئەمین، ١٩٩٧: ٢٦٤). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە تاڵەبانی لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوایەتیەکان ئامادەبووە کە باج بە پارتەکەی خۆشی بدات، دەیویست ئەوە بسەلمێنێت کە یەکێتی هیزێکی کوردستانی سەربەخۆیە و ناکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ لایەنێک، بیرکردنەوە و ستراتیژی تایبەت بە خۆی هەیە، پشتیوانی و هاوکاری هێزە سیاسییەکانی کوردستانە لەهەر پارچەیەکی کوردستان دابێت، ئەمەش بووە گرفتێکی گەورە بۆی لەگەڵ حکومەتی ئێران (قادر، ٢٠١٧: ٢٢٤).

ئەمجۆرە سیاسەتە لە ئاکامدا بوە هۆی کاردانەوەی خراپی حکومەتی ئێران و دەست بەسەر داگرتنی نزیکەی (١٠٠) تۆن لە چەک و تەقەمەنی، کە لەلایەن وڵاتی لیبیا و سوریاوە بۆ یەکێتی ناردرابو، لە هەمان کات دا ئەم بەشداریکردنەی دژی ئێران لەگەڵ حدکا، لەناوەخۆی پارتەکەی خۆشیدا ناڕەزایي هەبو، هەروەها لەلایەن پارتەکانی باشوریشەوە بە هۆکاری ئەوەی کە دوژمنێکی تری بۆیان زیاد کردوە (ئەمین، ١٩٩٧: ٢٦٧؛ نەجمەدین: ١٩٩٧، ٤٠) .

لایەنێکی تری ئەم قۆناغە بریتی بوو لە دانوسانەکانی نێوان یەکێتی و حکومەتی عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٤، کە ئەویش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پەیوەندییەکانی تاڵەبانی لە گەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حکومەتی ئێراندا هەبو، هەم بەهۆی نێوەندگیری و لێکنزیککردنەوەی لەگەڵ عێراق بە هۆی قاسملووە و لە هەمان

کاتدا تێکچونی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا، کە دواجار هیچ ئاکامێکی نەبو (عبدالرحمان، ئەحمەد، ٢٠١١: ٦٨-٨٦).

دانوستاندنی نێوانیان لەگەڵ حکومەتی عێراق هێشتا بە تەواوەتی کۆتایی نەهاتبو، تاڵەبانی بەنهێنی هەوڵی خۆی خستبووەگەڕ بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئێران، ئەمەش لە ئەگەری شکستی ئەم دانوسانەی لەگەڵ عێراق ئەم هەوڵەی داوە، چونکە نەیدەتوای لە یەک کاتدا شەڕی هەردو دەوڵەت بکات، بەڵام تا بە فەرمی گفتوگۆ و دانوستاندنی لەگەڵ عێراق کۆتایی پێنەهات، نەیتوانی لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئێران سەرکەوتوبێت (قادر، ٢٠١٧: ٢٦٤). تاکو لە ساڵی ١٩٨٦دا توانی پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ ئێراندا دروست بکاتەوە و تا کۆتایی شەڕی عێراق ئێران و ساڵانی دواتریش ئەم پەیوەندیە بەردەوام بو (ئۆسێ، ب. س: ١١٧-١١٩).

لێرەوە قۆناغێکیتر دەستپێدەکات لە پەیوەندی تاڵەبانی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، چونکە ئێران هەر لە سەرەتاوە مەرجی ئەوە بو بۆی کە لە هێزە سیاسییە کوردیەکان بدات و دەریان بکات لەژێر دەسەڵاتی خۆی، هەروەک لەنامەیکدا حاجی مستەفەوی لێپرسراوی دەزگای هەواڵگری ڕەزاییە دوای کۆبونەوەیەک لەگەڵ شاندێکی یەکێتی، کە پێکهاتبون لە (فوئاد معصوم، دارا حەفید، ڕەفعەتی مەلا) ئەم داواکارییە دەگەیەنێت بە تاڵەبانی، بەڵام ئەو داوایە ڕەت دەکاتەوە و لە بەرامبەردا دڵنیایی ئەوە دەدات کە هێزە کوردییەکان لە سنوری ئەوەوە هیچ چالاکییەک دژی ئێران ئەنجام نەدەن (قادر، ٢٠١٧: ٢٦٨ ).

هەرچەندە تاڵەبانی بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ ئێران، هەوڵیداوە سەربەخۆیی خۆی لە دەست نەدات، بەڵام تارادەیەکیش کاریگەریی خۆی هەر هەبووە، بەڵام نەبویتە هۆی کۆتاییهاتنی پەیوەندی و هەماهەنگیەکانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەکاتی پێویستدا بەدەنگی یەکترەوە هاتون، هەروەک لە ڕوداوی تیرۆرکرانی قاسملو لە ساڵی ١٩٨٩دا، بێ گوێدانە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، سەرکۆنەی ئەم کارەی کردوە و لەدەستدانی قاسملوی بەخەسارەتێکی گەورەی لەقەڵەمداوە (شێخانی، ٢٠٠٧، ١٢٦-١٤٠؛ قادر، ٢٠١٧: ٣٠٢) .

لە دەرئەنجامی پەیوەندییەکانی تاڵەبانیدا لە نێوان پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حکومەتی ئێراندا، بەتایبەت دوای ڕوخانی ڕژێمی شا و هاتنی حکومەتی نوێی کۆماری ئیسلامی، ئەوە دەردەکەویت کە بە پێی گۆڕانکارییە هەرێمییەکان سیاسەت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتە بەدوای یەکەکەکانی ئێران گۆڕیوە و هەوڵیداوە سود لە خاڵە لاوازەکان ببینێت و ئێرانی بە نزیکەیی وەک دۆستێکی خۆی هێشتۆتەوەو، نەیهێشتوە ئەم پەیوەندییەش کاریکاتە سەر پەیوەندی لەگەڵ پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## ئەنجام

لەئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:-

١ -تاڵەبانی گرینگی و بایەخی زۆری داوە بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان. پێیوابووە کە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەشێکی دانەبڕاو و پێکەوە گرێدراوە، کە سەرکەوتن یا شکست کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بزاڤی ئازادیخوازی لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان هەیە.

٢ -گۆڕانکارییەکانی ئێران و ڕوخانی دەسەڵاتی شا بووە سەرەتای قۆناغێکی گرینگ بۆ تاڵەبانی و سەرەتای دەستپێکێکی نوێ لە پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی، بە تایبەت لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٣ -تایبەتمەندییەکانی لە هەڵویستی بەرامبەر بە پارچەکانی تری کوردستان، لە کاتێکی سەختی وەک ئەوسا، دەستپێکردنی خەباتێکی سیاسی جیاواز لە پارتە سیاسییەکانی پێش خۆی، پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکان و نەبونی پەیوەندی لەگەڵ شای ئێراندا، وایکرد کە ببێتە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەهێز لەناو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

٤ -هەر لە سەرەتای دروستکردنی یەکێتییەوە هەوڵی داوە پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دروستبکات بەتایبەت (حدکا) و (کۆمەڵە)، بۆ چۆنییەتی گۆڕینەوەی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردولا، بەمەش بناغەیەکی پتەوی دانا بۆ پەیوەندییەکانی نێوانیان لە داهاتودا.

٥- پشتیوانی بونی بۆ هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە یەکڕیزی و یەک دەنگی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە هەبووە لە ناوچە کوردییەکان بە هۆی ڕوخانی ڕژێمی شای ئێران، پشتیوانی کردنیان بۆ بەدیهێنانی مافی خۆبەڕێوەبردن لە چوارچێوەی حکومەتی ئێراندا.

## لیستی سەرچاوەکان

بابان زادە: کامەران (٢٠٠٣)، ڕێککەوتنامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشور، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

بانیخیلانی، ئەحمەد (٢٠١٤)، یادەوەرییەکانم، چ٢، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.

تاڵەبانی، جەلال (١٩٨٠)، جۆشدانی خەبات، لە بلاوکراوەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، ب.ش.

جەلال، ئیبراهیم (٢٠١١)، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چ٣، چاپخانەی چوارچرا، ب.ش.

چاندار، جەنگیز (٢٠١٥)، شەمەندۆفێری میزۆپۆتامیا، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، چاپخانەی کارۆ، ب. ش.

چاوڕەش، مستەفا (٢٠١٤)، یادەوەرییەکانم، چ١، چاپخانەی سەردەم، ب.ش.

حیسامی، کەریمی (١٩٩١)، لە بیرەوەرییەکانم ١٩٧٥-١٩٧٩، ب٥، ستۆکهۆڵم.

حەمەد، دلێر ئەحمەد (٢٠١٩)، مێژووی جوڵانەوەی نەتەوەیی ئازادیخوازی کورد لە باشوری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

خەباتمان، باری ئیستای (١٩٧٦)، لە بلاوکراوەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

ڕەشید سەڵاح (٢٠١٩)، دیداری تەمەن لەولایەوە تا کۆشکی کۆماری، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، ب٢، سلێمانی.

ڕێباز (١٩٩٣)، قەندیل بەغدای هەژاند، یاداشتی پیشمەرگایەتی ١٩٧٦-١٩٨٠، بەشی یەکەم، هەولێر.

ڕێبازی نوێ (١٩٧٦)، ئۆرگانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، خولی یەکەم، ژمارە (١).

ڕێبازی نوێ (١٩٨٩)، شەهید بوونی دکتۆر قاسملوو خەسارەتێکیکە پڕناکرێتەوە، ژمارە (٦).

ڕەفعەتی مەلا (١٩٩٨)، ڕۆژە تەماوییەکان، سلێمانی.

سەعید، اسماعیل عبد الرحمان (٢٠٢٢)، سازمانی خەبات و رەوتی چەپی نوێ لە باشوری کوردستان، توێژینەوە، زانکۆی کۆیە.

سەعید، کەیوان (٢٠٢١)، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی سەروەری، چ٤، سلێمانی.

سەعیدی، بەهمەن (٢٠١٢)، خەبات بەرەو سەرکەوتن دیدادرێک لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە تایبەت بە مێژووی کۆمەڵە و کوردستانی ئێران و بزوتنەوەی چەپ، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، کوردستان.

شێخ مووس، عومەر (٢٠١٢)، سەرگوزشتەی یەکەم بەیاننامەی یەکێتی بیروەرییەکانی عومەر شێخ مووس، گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥).

عبدالقادر، نازناز محمد (٢٠٢٠)، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد لەکوردستانی عیراقدا ١٩٦١-١٩٧٢، چاپخانەی ئاراس، چ٢، هەولێر.

عومەر، سەروەر عەبدولرەحمان (٢٠١٩)، حزبی شیوعیی عیراق و مەسەلەی کورد ١٩٣٤-١٩٧٥، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

عومەر، سەروەر عەبدولرەحمان (٢٠٠٢)، یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆرش، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، سلێمانی.

قارەمانی، ئاوات (٢٠٠٩)، ڕێگا باریکەکان یاداشتە ڕۆمان، ڕووداوەکانی ١٩٦٣-١٩٩٩، چ٢، سلێمانی.

قازی ئەمیری (٢٠١٤)، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

قانعی فەرد، عێرفان (٢٠١٣)، دوای شەست ساڵ خەبات، ژیان و بیرەوەری جەلال تاڵەبانی ١٩٣٣-١٩٦٦، ب١، بێ شوێن.

کوردایەتی، بانگەواز ( ١٩٨١)، لە بلاوکراوەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

کوردستان (١٩٧٦)، یەکێتی نیشتیمانی - مەکتەبی سیاسی، پرۆژەی بەرنامە و پەیرەوی ناوەخۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

کوردستانی نوێ (١٩٩٦)، چاوپیکەوتن لەگەڵ مام جەلال، ژمارە (١٢٩٨).

کەریمی، عەلی (١٩٩٩)، ژیان وبەسەرهاتی عبدالرحمان زەبیحی، چ١، سوید.

گەوهەری، حامید (١٩٩٨)، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا ١٩٧٨-١٩٨٨، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

محەمەد، کاردۆ (٢٠١٥)، چەپکێک لە وتەکانی مام جەلال، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.

مەحمود، محمدی حاجی (١٩٩٩)، ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەک باسی ڕووداوەکانی (٢٠) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێ ی گەلەکەمان دەکات ١٩٧٦-١٩٩٦، (١٩٨٢-١٩٨٦)، ب٢، سلێمانی.

مەحمود، هۆشمند علی (٢٠٠٧)، عەبدولرەحمان قاسملوو و ژیان و ڕۆلی سیاسی لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورددا ١٩٣٠-١٩٨٩، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

مەحمود، هۆشمند علی مەحمود (٢٠١٢)، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد ١٩٧٩-١٩٨٩، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

مەحمود، هۆشمند علی (٢٠٢٢)، دیداری قاسملوو لە گێڕانەوەی زارەکیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

مەلا بەختیار (٢٠٢٠)، لەبری بیرەوەری، تاران.

مەلا بەختیار (٢٠١٢)، چۆن چەپکێک و کام مێژووی کۆمەڵە، چاپ و پەخشی حەمدی، ب.ش.

نەجمەدین، پشکۆ (٢٠٢٠)، کۆماری ئەزموونی یاد، چاپخانەی هەژار موکریانی، چ6، بەرگی یەکەم سلێمانی.

نەستانی، کوێستان (٢٠٠٨)، عەبدوڵای حەسەن زادە، ژیان و ڕۆلی سیاسی و فەرهەنگی لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورددا ١٩٣٨-١٩٩٧، چ١، سلێمانی.

هەژاری، شەریف، ب. س، ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٧٩-١٩٨٠ لە بەلگەنامەکانی بەریتانیا، و: ڕەزا فەتحوڵا، ب. ش.

ئیسماعیل، سروە قادر (٢٠١٠)، کاری بەرەیی لە کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

ئەحمەد، نەوزاد عەلی (٢٠١٠)، پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا، بەشێکی گرینگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخ مووس، سوید.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا (١٩٧٧)، لەکەناری دانوبەوە تا خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی باشووری کوردستان، بەرلین.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٧)، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣، چ٢، سلێمانی.

احمد، فواد علی (٢٠٠٩)، الاتصال السیاسی فی الاحزاب الكوردية، السليمانة، مكتب الفكر والوعی فی الاتحاد الوطنی الكردستانی.

أوسی، سالار (٢٠٠٨)، جلال طالبانی أحداث ومواقف، دار أبعاد، بیروت.

برواری، صلاح (٢٠١٠)، جلال طالبانی مواقف واراء، السليمانة، ط٢، مكتب الفكر والوعی فی الاتحاد الوطنی الكردستانی.

عیسی، حامد مەحمود (٢٠٠٥)، القضيه الكردية فی العراق من الاحتلال البريتانی ألی الغزو الامريكی ١٩١٢-٢٠٠٤، دار العربيه للطباعة والنشر، القاهرة.

عثمان، محمد شيخ (٢٠٢٢)، تاريخ لن يختزل، السليمانية، مكتب الفكر والوعی فی الاتحاد الوطنی الكردستانی.

الشرارة (١٩٧٥)، البيان الاول للاتحاد الوطنی الكردستانی، العدد (١).

الشرارة (١٩٧٨)، العدد (٨).

اطلاعات (١٣٥٧)، حمله اکراد شورشی طالبانی به پاسگاه ایرانی، شماره (١٥٧٦٣).

اطلاعات، ٣٠/ ١١/ ١٣٥٧ شماره (٢٢٤٦٩).

کیهان، ٤/ ١٢/ ١٣٥٧ شماره (٤١٣٥٧).

- https://www.peyserpress.com/detal بەرواری/ ٢٠٢٣/٩/٢٥ /١١:٣٠ بەیانی

خوشحالی: بهزاد ، ١٣٥٧- ١٣٥٩، کردستان روزهای بحران "اسناد مطبوعاتی 1357-1359"، اتحادیەی میهنی، حزب دمکرات https://peshmergekan.com/kteb/kurdistan-rozhay-buhrani.pdf کردستان عراق و انقلاب، چاپ الکترونی:

Sheikhmous, Omer (2009), The Patriotic Union of Kurdistan in Iraq, Hdeologies, visions and Realities.

Kamali, Farida Koohi (2003), The Political Development of the Kurds in Iran Pastoral Nationalism, PALGRAVE MACMILLAN, New York .

## لیستی پاشکۆکان

پاشکۆی ژمارە (١)
یەکەم بەیاننامەی (ی.ن.ک.) لە ساڵی ١٩٧٥دا

أ. پێکهێنانی یەکگرتنی ڕیزەکانی گەلی کوردستانی عێراق، یەکگرتنی کرێکاران و جوتیاران، بۆرجوازیی بچووک و بۆرجوازیی نیشتمانیی پێشکەوتوو، یەکگرتنی تاقم و پێلە پێشکەوتووە جیاجیاکان لە یەکێتییەکی نیشتمانیی پێشکەوتووی دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، دژی دەربەدەر کردنی کورد و بە عەرەب کردنی کوردستان، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکرات.

ب. پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی هەموو پارتی و ڕێکخراو و تاقم و کەسە پێشکەوتوو و دیموکرات و مارکسیە لینینییەکانی عێراق لە پێناوی ڕووخاندنی حوکمی فاشیستی و هێنانە سەر کاری حکومەتێکی دیموکراتی ئیئتیلافی، کە دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان جێبەجێ بکات.

ج. پێکهێنانی هاوکاری پتەو لە گەڵ بەشەکانی تری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان دا لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس دا.

د. پێکەوە گرێدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەلکی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و شۆڕشگێڕانەی عەرەب، فارس، تورک، ئازەری، بلوچ و گەلەکانی تر بۆ شکاندن و دەرکردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و ڕووخاندنی حوکمی چینە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، تەواو کردنی سەربەخۆیی نیشتمانیی سیاسی و ئابووری، وە گەشە پێدانی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات دا.

هـ. پێکەوە گرێدانی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لە گەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی دنیای سێهەم، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاری وڵاتانی سەرمایەدار و دەوڵەتە سۆشیالیستەکان دا.

حەوتەم – گەشەکردنی کۆمەڵایەتی

أ. ئافرەت

١. ڕزگار کردنی ئافرەت لە کۆت و زنجیرەکانی کۆنەپەرستیی سەدەکانی ناوەڕاست و تەئمین کردنی مافی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی یان و یەکسانی تەواو و هاوبەشی یان لە گەڵ پیاودا، وە دانانی یاسای ئەوتۆ کە مافەکانی ئافرەت لە کارکردن، خوێندن، شووکردن، جیابوونەوە و میرات دا بپارێزێ.

٢. دابینکردنی سەربەستیی دیموکراتی بۆ بە هێزکردنی بزووتنەوەی ئافرەتان و خستنە گەڕیان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری وڵات.

٣. پاراستنی مافی دایک و منال، تەئمینکردنی بە خێو کردنیان و چاودێریکردنی دایکە کارکەرەکان.

## پەراوێزەکان

---

[1] . الخطة رزگاری: ئەم پلانە لە (٢٣-٢٤/ ٥/ ١٩٧٦)دا لە شام لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە پێشکەشکرا، لەلایەن دەستەی دامەزرێنەری یەکێتییەوە پەسند کرا، بووە یەکەمین پرۆژەی یەکێتی بۆ دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری، تیایدا ئامانجی پرۆژەکە و بنەما سەرەکییەکانی و بناغەی کارکردن لە چەند خاڵێکدا ئاماژەی پێکراوە، بۆ دەقی ئەم پلانە بڕوانە (ئەمین، ١٩٩٧: ٨٧-٨٩).

[2] . ئەمیر قازی محمد: ناسراوە بە ئەمیری قازی لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە، لە ئێستادا سکرتێری پارتی سەربەخۆیی کوردستانە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (قازی، ٢٠١٠: ٥-١٢).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp103-111